**Koerdisch-Sorani**

## نوێترین زانیاری پۆلیس:
## دەستگیرکردنی چەند کەسێکی گومانلێکراو، لە سەر ڕووداوی کوژرانی کەسێك بە چەقۆ، لە شاری ئاپلدۆرن

ئاپلدۆرن: دوێنێ پۆلیس دوو کەسی گومانلێکراوی دەستگیر کرد، لە ئاکامی لێکۆڵینەوەکان کەئەنجامدراون لە سەر کێشەی کوژرانی کەسێك بە چەقۆلێدان، لە ڕۆژی 5 ئەیلول (سبتمبر) لە شەقامی:
کەسپەر فاخلسترات - Casper Fagelstraat، لە ئاپلدۆرن. ئەم کەسانە بریتین لە دوو پیاو، لە تەمەنی 35 و 26 ساڵ.
ئەم کەسانە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت دەستیان هەبێت لەم ڕووداوەدا، واتە ڕووداوی چەقۆ وەشاندن.

ڕووداوی چەقۆ وەشاندن لە کاتژمێر 11:00 بە پۆلیس ڕاگەیەنرا. کاتێك ژنێك لەگەڵ کچەکەی، کە تەمەنی 3 ساڵە و لە دەرەوەی ماڵ دەڕۆیشتن، لە ناکاو، لە پشتەوە هێرشی کراوەتە سەر و چەند جارێك دراوەتە بەر چەقۆ لێدان. تیمەکانی یارمەتیدان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو ئافرەتێکیان بەدیکرد کە بە قوورسی بریندار کرابوو. هەوڵەکانی پۆلیس و تیمەکانی فریاکەوتن (إسعاف) بۆ بووژاندنەوە و گیان پێدانەوەی ئەو ژنە، بە داخەوە، بێ سوود بوون. ئەو کەسەی بۆتە قوربانی ژنێکە، تەمەنی 28 ساڵە و خەڵکی ئاپلدۆرنە. هەر لە جێگەی تاوانکاریەکە گیانی لە دەستداوە. کچەکەی بریندار نەبووە.

کەسی گومانلێکراو لە شوێنی تاوانەکە بووە و لە لایەن پۆلیس دەستگیر کراوە. ئەو کەسە پیاوێکە تەمەنی 35 ساڵە، شوێن و جێگەی دیاریکراوی نیە لە ناو خاکی هۆڵەندا. ئەو کەسە لە ئێستادا دەستگیر کراوە.

لێکۆڵینەوەکان لە بارەی هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە تا ئێستا بەردەوامن. وا دەردەکەوێت کە کەسی گومانلێکراو بە تەنها ئەم تاوانەی ئەنجام نەداوە. ڕەنگە ئەم ڕووداوە پەیوەندی هەبێت بە کێشەی خێزانیەوە. لە ئێستادا ناتوانین زانیاری زیاتر لە سەر ئەم ڕووداوە ڕابگەیەنین.

ئایا تۆ هیچ زانیاریەکت هەیە بۆ ئێمە لە سەر ئەم ڕووداوە؟ تکایە ئێوە دەتوانن بە شێوەیەکی نهێنی، بێ ئاشکرا بوونی ناو و زانیاریەکانی ئێوە، زانیاریەکانتان بە ئێمە ڕابگەیەنن، لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنی تایبەت بە ڕاگەیانراوە نهێنیەکان:
ژمارەی تەلەفۆن: 0800-7000 یان لە ڕێگەی ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت بە هەواڵگەیاندن: 0800-6070.

2023408024 SP